وەزیری دەرەوە لەگەڵ هاوتا سعوودییەکەی سەردانەکەی بە تاران تاوتوێ دەکات

ئەمڕۆ شەممە فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە لەگەڵ فەیسەڵ بن فەرحان ئال سعود وەزیری دەرەوەی سعودیە، پەرەسەندنەکانی هەرەمی و سەردانەکەی بە تارانیان تاوتوێ کرد.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە،ڕایگەیاندووە: فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، لە میانەی پێیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ فەیسەڵ بن فەرحان ئال سعود وەزیری دەرەوەی شانشینی سعودیە، پێیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و شانشینی سعودیە و ڕەگاکانی بەهێزکردنیان بە شێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوو وڵاتی برا بکات تاوتوێ کرد.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژەی بەوەشکردووە : لەو پێیوەندییەدا باس لە پێشهاتە گشتییەکانی هەرەمیش کراوە، بەتایبەتی گرژییە بەردەوامەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران، وەزیر هەروەها باسی لە سەردانەکەی داهاتووی خۆی بە تاران کرد.